# پلاتفۆرمی ئافرەتانی کوردستان و جیهان لە ساڵی 2015



**ساڵی رابردوو بەگشتی بۆ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ساڵێكی پڕنەهامەتی بوو، پشكی گەورەی ئەو كارەساتانەش بەر باشووری كوردستان كەوت كە سەرەڕای بڕینی بودجە و مووچەی لە لایەن حكومەتی بەغداوە، هەروەها سەرباری داڵدەدانی نزیكەی دوو ملیۆن ئاوارە، شەڕی دڕندەترین هێزی تیرۆریستیشی تووش بوو، لەو شەڕە داسەپاوەشدا ئەگەرچی پێشمەرگە و سەركردایەتی ئەو هێزە قارەمانە، دڕندەكانی داعش-یان لە سەر خاكی كوردان راماڵی، بەڵام قوربانییەكی زۆریشیان دا، بەتایبەتی كە تا ئێستاش هەزاران پاكیزەی كوردی ئێزیدی لە ژێردەستی دڕندەكانی داعشدا ماون و وەك -سەبایا- و دەستكەوتی شەڕ لە بازاڕەكانی شاوەتپەرستانی داعش كڕین و فرۆشتنیان پێدەكرێ.لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و كارەساتانەشدا ئافرەتی كورد شان بە شانی پێشمەرگە، دەیان داستان و حیماسەتیان خولقاند. گوڵان لە راپۆرتێكی تێروتەسەلدا لاپەڕی كارنامەی ساڵی رابردووی ئافرەتانی كوردستان و جیهان هەڵدەداتەوە.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

**سەرەتا د.ڤیان سلێمان سكرتێری گشتی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان:** باسی ئەوە دەكات كە «رێرەوی مرۆڤایەتی لە سەرەتاكانی هەزارەی سێیەم بە خێراییەكی بەرچاو روو لە پێشكەوتن بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشكەوتنە زانستییەكان و پێشكەوتنی هزری مرۆیی، ناچونیەكی لە گوزەرانی ژیان و جیهانبینی بوو بە هۆی دروستبوونی شەپۆلێك لە ناڕەزایی و ئەوەی یارمەتی ئەمەی دا پێشكەوتنە زانستییەكان بوو لە بوارەكانی گواستنەوەو گەیاندن و راگەیاندن، ئەمەش كاریگەری هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی هۆشیاری ئافرەت لەم ناوچانەدا. رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەت كارا لە بواری ئافرەت ئەم هەلەیان قۆستەوە و كاریان كرد لەسەر پێشهاتەكان و لێكەوتەكانی گۆڕانكارییە جۆراوجۆرەكان، كە ئەم رەوتە بەردەوام بوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك، بەڵام ئەم پێشكەوتنانە بە هۆی هێرشی تیرۆریستانی داعش نەهامەتییەكی گەورەی بەدوادا هات بۆ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و ناوچەكە و هەرێمی كوردستان بەتایبەتی، كە بووە هۆی ژیان لەدەستدانی ژمارەیەكی زۆر لە مرۆڤەكان و ئاوارەبوونی ملیۆنان كەسی لێكەوتەوە، لێرەشدا هەمدیسان باجی گەورەی ئەم شەڕە ئافرەت دای و كارەساتی كچە ئێزیدییەكان و بە دیل گرتنیان و فرۆشتنیان وەك كۆیلە و دەستدرێژیكردنە سەریان، هیچ مانایەكی نییە جگە لە گەڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ دواوە بە هەزاران ساڵ كە لە وەحشیگەری رێكخراوە تیرۆریستیەكان و كەسانی توندڕەو دەركەوتوونەتەوە. كارەساتی ئافرەتانی كوردی ئێزیدی بوو بە هۆی ئەوەی سەرجەم وڵاتانی جیهان هۆشیار ببنەوە بەرامبەر بە دۆخی ئافرەت لەم ناوچەیەدا. هەر بۆیە دەبێت ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە و ببێتە وەرچەرخانێك بۆ بەشداریكردنی راستەوخۆی ئافرەت لە جەنگی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژی، كە لە ئێستادا هەندێك لە دەرەنجامەكانی بە روونی دیارە وەك دەركەوتنی چەندین ئافرەتی رزگاربووی دەستی داعش وەك چالاكوان بۆ گەیاندنی ئەو كارەساتە بە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەم بەشدارییەی ئافرەت بە یەكجاری كۆتایی بەو ئەفسانەیە هات كە پێیوایە باڵادەستبوونی پیاو لە كۆمەڵگەدا سرووشتییە، بەڵكو دەركەوت ئەوە دەستكرد و بەرهەمی سیستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەكانە.»

**د. ڤیان هێما سەبارەت بە چالاكیەكانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان گوتی:** «وەك یەكێتی ئافرەتانی كوردستان سەرەڕای ئەوەی كە رێكخراوەكەمان ساڵی رابردووی لەگەڵ سەختترین دۆخی ئابووریدا بەڕێكرد، بەڵام بە ئیرادە و پشوودرێژی و بڕوابوونمان بە گیانی خۆبەخشی توانیمان چەندین چالاكی و پرۆژە ئەنجام بدەین، وەكو بەردەوامیدان بە پرۆگرامی هۆشیاری كۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەكانی ستەمی كۆمەڵایەتی دژی ئافرەت كە زیاتر لە (٢٤٠) كۆڕ و سیمینار و (٣٦)خولی راهێنانی پیشەیی جۆراوجۆر و بەشداریكردن لە (٩٣٤) پرسەی شەهیدانی



**د.ڤیان سلێمان:**

**كارەساتی كچانی ئێزیدی وایكرد ئافرەتی كورد وەک رەمزی قوربانیی دەستی تیرۆر و هزری دواكەوتوویی توندڕەو سەیر بكرێت، هەر بۆیە دەبێت ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە و ببێتە وەرچەرخانێك بۆ بەشداریكردنی راستەوخۆی ئافرەت لە جەنگی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژی**



**ڤیان سەبری:**

**لە ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆكسل پێشوازی لە دایكە عائیشە كرد و نازناوی دایكی شەهیدانی جیهانی پێ بەخشی**



بەهرە حەمە:

**نادیە موراد، وێڕای کەوتنە بەر دەستدرێژی و توندوتیژی داعش، بە گەشبینییەوە دەیەوێت چاوی بە سەرکردەکانی جیهان بکەوێت و توندوتیژیەکانی داعشیان بۆ بگێڕێتەوە**



حەیات مەجید:

**دوای ئەوەی مەلالە یوسف زای لە ٢٠١٤ خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، ساڵی ٢٠١٥لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ساڵی کچان دەستنیشان کرا**

شەڕی داعش لە سەرتاسەری کوردستان، (١٢) سەردان و بەسەرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی (٢) هەڵمەتی خوێنبەخشین کە زیاتر لە (١٠٠٠) ئافرەت بەشدارییان تێدا کرد، توانیمان لەسەر ئاستی هەرێم و وڵاتانی ئەوروپا هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەك بەڕێوەببەین و لەو چوارچێوەیەشدا (٢٨) کاروانی کۆمەك و هاوکاریمان گەیاندۆتە کەمپی ئاوارەکان و هێشتا بەردەوامین، پێشکەشکردنی پشتگیری یاسایی و سایکۆلۆژی و لۆجیستی بۆ (١٦٩) ئافرەت کە دووچاری کێشە و توندوتیژی خێزانی ببوونەوە، ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی زانستی لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و کاریگەری هەمەلایەنەی شەڕ لەسەر ئافرەت وەك هەوڵێك بۆ بە دۆکیومێنت کردنی ڕۆڵی ئافرەتانی باشووری کوردستان لە شۆڕشەکانی گەلی کوردستان، بەڕێوەبردنی پرۆژەی بایەخدان بە منداڵانی خێزانە لێکترازاوەکان کە ژمارەیان (٢٧٢) خێزانی جیابووەن. دیدار و بەکتربینینی ئەم منداڵانە کە ژمارەیان (٤٢٥) منداڵن لە لایەن پەیمانگای پرسە کۆمەڵایەتییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەدەبرێ و لەو میانەشدا ئەمساڵ (٢٠٩٢) دیداریان بۆ ئەنجام دراوە، کار کردن بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ گەیشتنی ئافرەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی و بەشداریکردنی لە کۆی جومگەکان وەك هاوبەشی پیاو بە هەمان ماف و ئەرك و بەرکەوت و بەرپرسیاریەتی.»

هەرسەبارەت بەم پرسە فلۆرین گۆرگیس سێودین، بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، کردنەوەی سەنتەری کوردستان بۆ جێندەرناسی لە زانکۆی سۆران، بە «گەورەترین دەستکەوتی ئافرەتانی کوردستان» هەژمار دەکات کە وەك خۆی باسیکرد لە ٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ دوای هەوڵ و کۆشش و ماندوبوونێکی زۆر بە فەرمی کرایەوە، وتیشی: «ئەم سەنتەرە ناوەندێکی ئەکادیمی و زانستی گرنگە و سەرەڕای ئەمە دەبێتە ناوەندێکی مەشق و ڕاهێنان و گەشەپێدانی زانستی بۆ دامەزراوە فەرمی و نافەرمی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لایەنێکی تری دەستکەوتەکان بەردەوام بوونی هەوڵ و کۆششەکان بوو، بۆ بە جیهانی کردن و ناساندنی پرسی ژنانی ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە و هەوڵدان بۆ ناساندنی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش وەك پاکتاوی نەژادی و جینۆساید، ئێمە لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان نووسراوێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بگەیەنینە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ڕێگەی چەندین کەناڵەوە هەواڵمانداوە پاڵپشتی وڵاتانی جیهان بۆ دەرچوونی ئەم بڕیارە بەدەست بهێنین.»

**ڤیان سەبری ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:** ڕایوایە ساڵی ٢٠١٥ لەسەر ئاستی جیهان لێوانلێو بووە لە ڕووداو و چیرۆکی جیاواز، لە سەرانسەری جیهاندا جێپەنجەیان لەسەر بوارەکانی سیاسەت و زانست و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هونەر دیار بووە، تەنانەت ئاژانسی هەواڵی بی بی سی ناوی ١٠٠ ئافرەتی کارای ئاشکرا کرد کە لە ساڵی ٢٠١٥دا چالاکییەکانیان مایەی دڵخۆشی بوون، چالاکییەکانیان هەمەلایەن بوو لە بریارسازی تاوەکو پەرستاری بەرەکانی جەنگ، وێڕای بوارەکانی سیاسەت و زانست و فێرکردن و هونەر، هەر لەو ساڵەدا ئەنجیلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هیلاری کلینتۆن پاڵێوراوی یەکەمی حزبی دیموکرات بوو بۆ گرتنەدەستی پۆستی بەڕێوەبردنی کۆشکی سپی، جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ ئافرەتانی دەوڵەتانی کەنداو چەندین پێشکەوتنیان لە بوارەکانی سیاسەت و زانست و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدەستهێنا و بۆ یەکەمجار ئافرەتانی سعودیە توانیيان لە هەڵبژاردنەکان خۆیان کاندید بکەن و سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەن، سەبارەت بە ئافرەتی کوردیش لە ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل پێشوازی لە دایکە عائیشە کرد و نازناوی دایکی شەهیدانی جیهانی پێ بەخشی، هەروەها جێگەی شانازییە کە کچە کوردی ئێزیدی نادیە موراد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠١٦ بەربژێر کراوە، دەخوازین ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کۆتایی هاتنی یەکجارەکی داعش بێت، ساڵی ڕزگار بوونی کچان و ژنانی ئێزیدی بێت لە دەستی وەحشە تیرۆریستەکانی داعش. هەر لەساڵی ٢٠١٥بە فەرمانی سەرۆك بارزانی خولی سەربازی کرایەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی خولیای بوون بە ئەفسەری سەربازییان هەبوو.

**ڕۆژنامەنووس بەهرە حەمە ڕەش ڕایوایە:** «زۆرن ئەو ژنانەی کە بەردەوامن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهاندان»، لە کوردستانیش نموونەی بە پەرلەمانتار د.ڤیان دەخیل، هێناوە کە لە ساڵی٢٠١٤ و ٢٠١٥ بەرگری لە کوردانی ئێزیدی کرد و لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی جیهان بۆیان، ڕۆڵێکی باڵای هەبوو. وتیشی: «نادیە موراد، وێڕای کەوتنە بەر دەستدرێژی و توندوتیژی داعش، بە گەشبینییەوە دەیەوێت چاوی بە سەرکردەکانی جیهان بکەوێت و توندوتیژیەکانی داعشیان بۆ بگێڕێتەوە. لەسەر ئاستی جیهان ژنانی بوێر زۆرن، ئەنجێلا مێرکڵ، ئازایەتییەکی بێوێنەی نواند بەرامبەر بە وەرگرتنی پەنابەران لە ئەوروپا، سوزان ویجسکی بە سێیەمین ژن پێشکەوتوو لە بواری ئای تی ناسێنرا و ناونیشانی دوازدەهەمین ژنی دەوڵەمەندی جیهانی بە دەستهێنا. شریل سندبرگ، بەڕێوەبەری کارگێری فەیسبووك و یەکێك لە دەوڵەمەندترین ژنانی سیلیکن ولی-یە. سند برگ، خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کردووە، یەکەمین ژنە کە چووە ناو دەستەی بەڕێوەبەری فەیسبووك، زۆربەی سەرکەوتنەکانی فەیسبووك دەتوانرێ بە تێگەیشتنی ئەو لە بواری ئابووری گرێ بدرێت، هەروەها ماریسا مایر کە تەمەنی ٤٠ ساڵە، دەساڵ لەمەوبەرە بووەتە بەڕێوەبەری گشتی یاهو، ناوبراو لە کاتێکدا بە یەکێك لە پێنج ژنە پێشکەوتووەکانی جیهان لە ٢٠١٤ ناسێنرا.

ئورسولا برنز یەکەمین بەڕێوەبەری گشتی ژنی ئەمریکی بە رەگەز ئەفریقی بوو کە بووە سەرۆکی ئێکسرۆکس و پۆستی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای زیراکس-ی وەرگرت، هەروەها شر وانگ پێشینەیەکی جوانی لە پیشەسازی ئەلکترۆنیکدا هەیە. زیرەکی «شر وانگ» سەرۆکی دەستەی بەرێوەبەرکان و بەرێوەبەری بۆچوونی ستراتیژی ناوبراو لە بواری تەکنەلۆژیا و کاردۆزینەوە لەو بوارەدا بووە هۆی ئەوەی کە رۆڵێکی بەرچاوی لە بواری دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای بازرگانی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری هەبێت.

ویرجینیا رومتی، کە زۆرتر بە ناوی جینی رومتی بانگ دەکرا. یەکەمین بەڕێوەبەرێکی گشتییە لە کۆمپانیای «ئای بی ئم». لە کاتێکدا پێگەی دەیەمین ژنە دەوڵەمەندی جیهانی هەیە. هەروەها ساڵی ٢٠١٥ باشترین ژنی بواری ئای تی یە.

**حەیات مەجید ئەندام پەرلەمانی کوردستان:** لە لای خۆیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە «ساڵی ٢٠١٥ لە هەموو روویێکەوە بەتایبەت بۆ ئافرەتان ساڵێکی سەخت و قورس بوو، لەگەڵ ناهەمواری ساڵی ٢٠١٥دا بەهێزی ئافرەتانی کوردستان، جارێکی دیکە سەلماندیان کە ماندووترین و ئارامگرترین ئافرەت، ئافرەتی کوردە کە هەمووکات دەستی ئاشتی و ئارامی بۆ هەموو بۆ کۆمەڵگە درێژکردووە و خاوەنی توانای زۆر و بوێری راستەقینەیە لە ساتە نەهامەتی و سەختەکاندا.» لەگەڵ ئەوانەشدا هەر لە وڵاتانی ناوچەکەدا ئافرەتان دەستکەوتی بەرچاویان هەبووە. نموونەی بەرچاویان ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار ژنان لە مێژووی سعودیەدا مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنیان بەدەست هێنا و توانییان ٢٠ کورسیش بەدەست بهێنن. نموونەی دیکەی دەستکەوتەکان ئەوە بوو کە کچە پاکستانییەك لە ساڵی ٢٠١٤ توانی سنووری تەمەنیش بشکێنێ و لە ژێر تەمەنی یاسایی -١٨ ساڵ - ببێتە خاوەن خەڵاتی نۆبڵ، دوابەدوای ئەو دەستکەوتەی مەلالە یوسف زای، ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك ساڵی کچان دەستنیشان کرا.

هەر لە ساڵی رابردو عەقیلە ئاسفی کە مامۆستایەکی پەنابەری ئەفغانییە خەڵاتی نانسێن پەنابەری ساڵی ٢٠١٥ ی لەلایەن کۆمسیۆنی ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کارویاری پەنابەران پێبەخشرا، لەبەرامبەر ئەو هەوڵ و کۆششەی بۆ فێرکردنی کچانی ئاوارەی ناو کەمپەکان دابووی، عەقیلە باسی رۆژانی سەرەتای دەستبەکاربوونی خۆی وەکو مامۆستا دەکات و دەڵێت: سەرەتا خەڵکەکە منداڵە کوڕەکانیان دەهێنا و نانووسیان دەکردن، کورسییە بەتاڵەکان ئەوەیان بەبیرهێنامەوە کە کچانیش هاوشێوەی کوڕان پێویستیان بە خوێندن و فێرکردنە، توانیم کچانیش لە پرۆگرامی فێرکردن بەشداری پێبکەم و خۆشترین کاتیشم ئەو کاتە بوو کە قوتابییە کچەکانم دەست بە قەڵەم دەبینی.

تەوەکول کرمان ئەو رۆژنامەنووسە چالاك و مافناسەیە کە خەڵاتی نۆبلی ئاشتی ساڵی ٢٠١٥ ی پێبەخشرا.

هەر لە ساڵی ٢٠١٥ Forbes بەمجۆرە ریزبەندی ئافرەتانی سەرکەوتووی جیهانی لە بواری -ئای تی- دەستنیشان دەکات:

- سۆزان وجیسکی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای یوتیوب.
- شریل سندبرگ داهێنەری Lean-Inو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری فەیسبووك.
- ماریسا مایر بەڕێوەبەری گشتیی یاهوو.
- ئورسوولا برنز بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای زیراکس (Xerox).
- شێر وانگ بەڕێوەبەری گشتی HTC.
- ویرجینیا رۆمتی بەڕێوەبەری گشتی IBM.
- مەگ وایتمێن بەڕێوەبەری گشتی HP.
- سێفرا کاتیز بەڕێوەبەری گشتی Oracle.
- سێندی کارتێر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای IBM.
- ئانجێلا ئاهرێنس، بەڕێوەبەری گشتی تیمی کوك لە کۆمپانیای ئەپڵ.

هەر لە ساڵی رابردوودا ئافرەتان لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل-یش بێبەش نەبوون.

- خانمە زانای چینی -تۆیۆ یوو وەك یەکەم زانای چینی و دوازدەیەمین ئافرەتی زانا لە بواری پزیشکی یەکێك لە وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠١٥ بوو.
- خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بە خانمێکی خەڵکی بێلارووس بە ناوی سویتلانا ئالێلکسیوڤیچ پێشکەش کرا، بەوجۆرەش چواردەیەمین ئافرەت تا ئێستا بووەتە خاوەن ئەو خەڵاتە.

بێگومان بوونی ئەو ئافرەتانە لەو پێگە جیهانییانەدا سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە ئافرەت لە کاری بەڕێوەبەریدا هیچی لە پیاو کەمتر نییە.

